# کۆڵەخەمی کۆڵبەران

دایک: هەستە ئارێز، درەنگە، فریای چوون بۆ فێرگە ناکەویت!

(ئارێز بە هەر دوو دەستی توند چاوەکانی دەگرێت)
ئارێز: دایە هێشتا شەوە، خەوم دێت

دایک: شەوی چی، ئەی ئەو بەدبەختە چی بڵێ؟

ئارێز : کام بەدبەخت، دایە ؟

دایک : ڕۆڵە گیان باوکی تۆ و هاودەردانی.

ئارێز : دایە، بۆچی هیچ بەیانییەک باوکم من لە خەو بەئاگاناهێنێت، من دەمێکە ئەو ئارەزووم هەیە، زۆر جاریش هەر بە درۆ خۆم دەکەم بە خەوتوو و خەواڵوو، دەڵێم بەڵکو دایە ناچاربێت و باوکم بنێرێت، دایە گیان، بابە لە خەو هەستاوە؟

دایک: گیانی دایە، کاتێك ئێمە دەخەوین، باوکت خەریکی ئەم بەر و ئەو بەری سنووره دەستکردەکان دەکات، کاتێك خەڵك بەرەو خوێندن و کار و فەرمان دەچێت، ئەو بەرەوماڵ جەستەی ماندووی لە دوای خۆی کۆڵکێشدەکات.

ئارێز : دایە لە وەڵامەکەت تێنەگەییشتم، چۆن کاتیك خەڵك دەخەوێت، بابە ئەم بەر و ئەو بەری سنوور دەکات، سنوور چییە؟

دایک : گیانی دایە، هەستە، بەو قسانە من خەریکمەکە، درەنگە.

ئارێز: نا دایە گیان، هەر بەڕاستی خوازیاری تێگەییشتنم، ئاخر قسەکانت جۆرێکن.

دایک : باشە، ئەگەر هەستیتەوە و بەخێرایی نان و شیرەکەت بخۆیت و خۆت بپۆشیت، منیش ورده ورده وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە؛ گیانی من، پاش چەند ساڵ و مانگ بێکاری و نائومیدی و نەبوونی و شەرمەزاری خاوەنخانوو، باوکت لە سنووری نێوان دەوڵەتی ئێران و عیراق کۆڵبەری دەکات، کۆڵبەری. لەبەرئەوە شەوان یان بەیانیان زوو دەچێت بۆ سەر سنوور و کاتێک دەگەڕێتەوە، تۆ هێشتا لە فێرگە خەریکی فێربوونی.

ئارێز: ئم، دایە دەست خۆش، شیرە گەرمەکە زۆر خۆشە، دەست خۆش. باشە تکادەکەم، بە باوکم بڵێ ئەگەر ڕۆژێك نەچوو بۆ کار، بەیانی زوو بێت و من لە خەو هەستێنێت و بمبات بۆ فێرگە.

دایک: باشە ئارێز گیان، تۆ نزابکە، ئەم ڕۆژیش باوکت بە بێوەی بگەرێتەوە، نزای منداڵ لەلای یەزدان پەسەندەکرێت و یەزدان دڵی منداڵان ناشکێنێت.

ئارێز: باشە دایە گیان، ئەگەر ئاوا بێت، من هەموو شەو پێش خەوتن و بەیانیان پێش چوون بۆ فێرگە لەلای یەزدان نزادەکەم، کە باوکم و هاوکارەکانی بێوەی بگەرێنەوە لای منداڵ و دایکیان. دایە، من دەڕۆم. بە بابەت بڵێ زۆر بیریدەکەم، بیری قسە خۆشەکانی دەکەم.

دایک: ڕۆڵە گیان وەرە ماچێک بە دایکی خۆت بدە و ئینجا برۆ. ئاگات لە خۆت بێت، کاتی پەڕینەوە لە کۆڵان و شەقامەکان، تەماشای لای چەپ و ڕاستی خۆت بکە.
(ئارێز بەدەم ڕۆیشتنەوە، بەردەوام لە یەزدان دەپاڕێتەوە، تکادەکەم ئاگات لە باوکم بێت)

( دایک: یەزدانی گەورە ئەگەر لە منی بەدبەخت گوێناگرێت، تکادەکەم ئەو منداڵە بێناز و نائومێد نەکەیت، تکایە)

کات دوانیوەڕۆیە، ئارێز لە فێرگە گەڕاوەتەوە، دایک هەراسان و ترساوە، لەبەر ئارێز ترس و دڵەخورپەی خۆی بەهۆی هێشتا نەگەڕانەوەی هاوسەرەکەی، دەرناخات. چەند جارێك بۆ مۆبایلی هاوسەرەکەی زەنگیداوە و وەڵامی نەبووە. لەپڕ زەنگی دەرگە ئارێز و دایکی ڕادەچڵەکێنێت و بەرەو دەرگە ڕادەکەن....

دایک : کاک ئازاد سڵاو. فەرموو چی بووە، ئەی باوکی ئارێز کوا، تۆ نەچوویت بۆ سەر سنوور ؟

ئازاد : سڵاو خوشکێ. ئارێز گیان تۆ چۆنیت.. خوشکێ گیان، چی بڵێم، بەڵێ منیش چووبووم، بەڵام ..

دایک: بەڵام چی، چی بووە، ئای باوکەڕۆ، بەدبەخت خۆم، منداڵەکەشم وەك خۆم هەتیوکەوت. ئاییییییییییی

ئارێز: دایە گیان. مامە ئازاد چی بووە، دایکم بۆ دەگری؟

ئازاد : گیانی مامە، چی بڵێم، یەزدان ماڵی ئەوانە وێرانبکات، کە ئێمە بەو کارە مەرگهێنەرە ناچاردەکەن، ئینجا ئەوانەی باوکە بەدبەختەکەی تۆ دەکوژن ..

ئارێز: چییییییییی، مامە ئازاد باوکم کوا،بابەڕۆ .. بابە گیان، مامە ئازاد بڵێ، کێ باوکی منی کوشت؟

هەژێن
٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

------------------------------------------
* هیوادارم ئەم چەپکە واژانە شایستەی ئەوە بن، لەسەر گۆڕی کرێکارانی کۆڵبەر دابنرێن و دەربڕی یەک لەسەر ملیاردی خەم و خەون و تاسەی منداڵان و ژنانی هاوسەری کرێکارانی کوژراو بن.

ئەم کورتە چیرۆکە، وەك هەر پۆستێکی فەیسبووک کاردانەوەی ساتەکی دروونی منە بەرانبەر ڕوداوەکان.